کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
3-8-2007 18:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە بەهەشتی ژنانەوە، بەگومانی دڵپیسی پێستی سەری هاوسەرەکەی هەڵدەکەنێت!.. ئەحمەد تازەدێیی

سوید



بۆ پشوی سالآنە، لە وەرزی هاویندا، زۆرینەی ئەوروپێکان، گەشتی سالآنەی خۆیان دەکەن، هەرکەسەو لەگەڵ خۆسەویست و هاوسەرو خانەوادەو هاوڕێ و دڵسۆزی خۆیدا، ڕوو دەکەنە ئەو جێیەی کە پێیان خۆشە بۆ حەوانەوە. (نیکلاس)، لەگەڵ (ماریا)، ی هاوسەریدا، لەمانگی تەموزی، ئەم ساڵدا، پێکەوە بڕیار ئەدەن، ڕێگای گەشت و گووزار بگرنەبەر، بۆ ئەو جێگایەی لایان مەبەستە لە وولآتی سوید، دواجار بەخۆشی دەگەنە شوێنی داواکراو، ماوەیەك ئاسودە و بەختیار پێکەوە ئاهەنگی خۆشی دەگێڕن. (نیکلاس)، کە پیاوێکی (نەرویج)، یە و تەمەنی چلو چوار ساڵە، لەگەڵ (ماریا) دا، پێکەوە سەردانی یەکێك لە دەرهاوسێ گەشتو گوزارێکان دەکەن، کە ئەوانیش خەڵکی وولآتی نەرویجن، دوای ئەوەی دەبن بە هاوڕێ و چەند جارێك سەدانی یەکتری دەکەن، بۆیە (نیکلاس)، گوومانی لا دروست دەبێت و دڵپیس دەکات، لە (ماریا)، ی هاوسەری،





بەتایبەتی ئەوان چەند جارێك باسی باشی و میهرەبانی (ماریا)، دەکەن. (ماریا)، دەڵێت: ئەو شەوە، شەوی شەمە بوو، (نیکلاس)، نیوەڕۆکەی هەندێك مەشروبی خواردبوو، لەپڕێکدا دەستەکانی توند گیر کرد لە قژم و پڕ بەهێزی خۆی سوڕی دەدام بە چوار دەوری خۆیداو سەرمی دەهاوێشت بە دیواری (کابینە)، کەدا، بۆیە دیوارەکە و تەختی خەوەکە، خوێناو بوو، لەخوێنی سەری من، دواجار هەستم بەوە کرد، کە پێستی سەرم قڵشاوەو بەشێك لە پێستی تەپڵۆکەی سەرم، بە دەستیەوە هەڵکەندرا، بۆ ڕزگار بوونم لە دەستی، کردم بە هاوارو قیژە قیژ، تاوەکو دەرهاوسێکانم، پۆلیسیان ئاگادار کردوو گەشتنە فریام و ڕەوانەی نەخۆشخانەی گشتی شاری (ئمیۆ)، کرام بۆ نەشتەرگەری.

تێبینی
(نیکلاس و ماریا)، دوو ناوی خوازراون
سەرچاوە
http://www. aftonbladet. se/vss/umea/story/0، 2789، 1131926، 00. html
http://www. aftonbladet. se/vss/umea/story/0، 2789، 1121854، 00. html

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.